حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی هەولێری پزیشکی
نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ

حكومة اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة هولير الطبية
مكتب رئيس الجامعة

HAWLER MEDICAL UNIVERSITY
سەرۆکایەتی زانکۆ
Iraqi Kurdistan Region
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Hawler Medical University

ژمارە: ٤٨٦٧/١/١
ڕێکەوت: ٢٦/٨/٢٠١٩ ز
ڕێکەوت: / / ٢٧١ ك

No:
Date:

## بۆ گشت کۆلیژەکان/نووسینگەی بەڕێز ڕاگر

## ب/ ڕێنمایی تاوتوێکردنی نامەی خوێندنی باڵا

سڵاو و ڕێز

بە مەبەستی ڕێکخستن و پێشخستن و زیاتر بەزانستی کردنی پرۆسەی تاوتوێکردنی نامەی خوێندنی باڵا/ ماستەر و دکتۆرا لە کۆلیژەکانی زانکۆکەمان ئەم ڕێنماییانەی هاوپێچ بۆ بەڕێزتان ڕەوانە دەکەین و داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە گشتاندنی پێبکرێت و بە ووردی جێبەجێ بکرێت و بەڕێزان ڕاگری کۆلیژ و بەرپرسی خوێندنی باڵا و سەرۆکی بەش/لقی زانستی پەیوەندار بەرپرس دەبن لە جێبەجێکردنیان و سەرۆکایەتی زانکۆ لە نزیکەوە بەدواداچوونی بۆ دەکات، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا

خ ب ڕێنمایی

**پ.ی.د.دارا عمر میران**
**سەرۆکی زانکۆ**

زانین

**وێنەیەک بۆ:**
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/بۆ زانین ...لە گەڵ ڕێزماندا.
- نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەرانی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/بۆ زانین ...لەگەڵ ڕێزماندا..
- دەرکردە.

Email: info@hmu.edu.krd
hmu.edu.krd
Address: 3rd floor, College of Pharmacy Building, 100m Street,
Beside Rizgary Teaching Hospital, Erbil
Iraqi Kurdistan Region
Tel: +964-66-2273382 Fax: +964-66-2273382

2019-08-26 AHMAD

# زانکۆی هەولێری پزیشکی

## ڕێنمایی تاوتوێکردنی نامەی خوێندنی باڵا

١. پێویستە ئەو وێنەیەی نامەی خوێندنی باڵا کە دەدرێتە ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن، Line numbers بۆ گشت لاپەڕەکانی دابنرێت بۆ ئەوەی تاوتوێکردنی نامە ئاسانتربێت و بە ئاسانی ئاماژە بە شوێنی تاوتوێکردن بدرێت و بدۆزرێتەوە لە کاتی تاوتوێکردن و ئەم Line numbers لە وێنەی کۆتایی چاککراو لادەبرێت.

٢. پێویستە تاوتوێکردنی نامە لەگشت کۆلیژەکان و پسپۆرییەکانی زانکۆکەمان بە زمانی ئینگلیزی بکرێت و تێبینی کراوە کە زمانی کوردی و عەرەبی زۆر بەکاردەهێنرێت لە تاوتوێکردنی نامەکان.

٣. پێویستە ئەندامانی لیژنە ئاشنا بن لە ڕێنماییەکانی زانکۆکەمان بۆ نووسینی نامەی خوێندنی باڵا و پێویستە وێنەیەك لەم ڕێنماییانە (کە لەسەر ماڵپەڕی زانکۆش هەیە) بدرێتە ئەندامانی لیژنە لەگەڵ نامەکە، و پێویستە ئەو ئەندامەی لیژنە کە لە بەش/لقی زانستی و کۆلیژە باش ئاشنابێت لەم ڕێنماییانە.

٤. پێویستە مامۆستا و قوتابیانی خوێندنی باڵای کۆلێژ و بەش/لقی زانستی هانبدرێن بۆ ئامادەبوون لە تاوتوێکردنی نامە بۆ سوود وەرگرتن و هەژمارکردنی وەك چالاکی زانستخوازی بەردەوام، و ئامادەبوون بۆ قوتابیانی خوێندنی باڵای بەشی/لقی پەیوەندار ئیلزامی دەبێت.

٥. پێویستە تاوتوێکردن بە شێوەیەکی زانستی تێروتەسەل بێت و کاتی باشی بۆ تەرخانبکرێت و ناوەڕۆکی زانستی نامەکەی و توێژینەوەکە تاوتوێبکرێت و پرسیاری زانستی لە قوتابی بکرێت و تەنها گرنگی بە شکلیاتی نووسین و بواری زمانەوانی نامەکە نەدرێت.

٦. جەخت بکرێت لە دوورکەوتن لە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی خوێندنی باڵا لە گۆڤاری سەختە کە دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوونی کارەکانیان و کاتیان.

٧. لەبەر ئەوەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە مەرجێکی سەرەکی تەواوکردنی خوێندنی باڵایە، و بۆ دۆکیومێنت کردنی بەدەستهێنانی ئەم مەرجە بە شێوەیەکی گونجاو، پێویستە زانیاری لەسەر توێژینەوە بڵاوکراوەکان لە ناو نامەی خوێندنی باڵا دابنرێت وەك تۆمارکردنی لیستی توێژینەوەی بڵاوکراو یان وەرگیراو بۆ بڵاوکردنەوە (قبول نشر) لەسەر لاپەڕەیەکی تایبەت کە لەدوای لاپەڕەی Abstract بێت و دانانی نووسراوی وەرگیرانی توێژینەوە یان لاپەڕی یەکەمی توێژینەوەی بڵاوکراو وەك Appendix لە کۆتایی نامەکە.